

**کاور ٣/٢١ تا ٤/٢٠**

باوەڕبە هەستی خۆت بکە ،چونکە زۆرجار دوودڵیت لە بڕیاردان ، لەڕووی سۆزداریەوە پێویستیت بە نوێبوونەوە هەیە بۆیە ئەم هەلە لەدەست مەدە وئاشنای خەڵکی تازە بە.



**گا ٤/٢١ تا ٥/٢٠**

کێشەی سەرنج ڕاکێشانی خەڵك کاتی زۆرت لێدەبات ، وەك ئەوەی باوەڕت بە خۆت نەبێت ، ئەو سەرکەوتنە داراییەی کە ئارەزووی دەکەیت پێویستی بەهەوڵدان هەیە.



**دووانە ٤/٢١ تا ٥/٢٠**

لە خۆبایبوونت بە خراپی دەشکێتەوە سەر پەیوەندییە سۆزدارییەکەت ،خۆشەویستەکەت پێویستی بە ئاوڕدانەوە هەیە ئەبێ لەبیری نەکەیت و ئاگات لێبێت .



**قرژاڵ ٦/٢١ تا ٧/٢٠**

باری داراییت لەباشبوونێکی بەردەوامدایە ، کەڵك لە هەڵەکانی ڕابردوو وەرئەگریت بۆ بونیادنانی پەیوەندییەکی سۆزداری تۆکمە و دروست .



**شێر ٧/٢١ تا ٨/٢٠**

باری کۆمەڵایەتیت ڕوولە لاوازییە ، زیاد ڕەوی مەکە لە بڕوابوونت بە هەندێك لەو کەسانەی دەورووبەرت چونکە ئەوی دۆست بە دۆست دەیکات دوژمن نایکات .



**فەریك ٨/٢١تا ٩/٢٠**

مەسروفی زیادە مەکە چونکە لەماوەی داهاتوودا ڕەنگە کێشەی دارایت توش بێت ، زۆر کێشە لەگەڵ هاوڕێو هاوسەرەکەتدا دروست مەکە و هەندێك بەخۆتدا بچۆرەوە .



**تەرازوو ٩/٢١ تا ١٠/٢٠**

بیر لە زۆر شت دەکەیتەوە کە مایەی ئەو جەنجاڵیەی مێشکت نییە ، ئەندامانی خێزانەکەت چاوەڕوانی دوا بڕیارت دەکەن بۆ ئەوەی بڕیاری چارەنووسساز بدەیت .



**دووپشك ١٠/٢١ تا ١١/٢٠**

هێندە باسی خراپی کەسانی دەورووبەرت مەکە و ڕەنگە ئەم هەڵوێستەت ئاکامی خراپت بۆ دروست بکات لەڕووی سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە



**کەوان ١١/٢١ تا ١٢/٢٠**

دڵپیسی کارێکی ناشایستەیە بۆ دەبێت خۆتی لێ دوورەپەرێز بکەیت ، ئاکامی خراپی کردەوەکانتە ئەمرۆکە دێنە ڕێت ، کەمێکیش بیر لە ماڵەوەت بکە .



**گیسك ١٢/٢١ تا ١/٢٠**

هەواڵێکی خۆشت پێدەگات لە کەسێکی نزیکتەوە و دەبێتە مایەی شادمانیت ، هەوڵبدە سوود لە ئامۆژگاری هاوڕێکانت وەرگریت و بەووردی حیساب بۆ ڕاوبۆچونیان بکە .



**سەتڵ ١/٢١ تا ٢/٢٠**

هەست بە بێزاری دەکەیت و ماندووبوون لە ڕوخسارتدا بەدیدەکرێت ، هێند خۆت خەریك مەکە بە کاری لاوەکی و بێ ئەنجامەوە ، بیر لە داهاتووت بکەوە .



**نەهەنگ ٢/٢١تا ٣/٢٠**

هەواڵێ خۆش با نا خۆشیەکانت بیر نەباتەوە ، بەووریای هەڵسوکەوت لەگەڵ بەرمبەرتدا بکە ، ڕێگەی خۆشەویستی هێندە گران و دژوار نییە .

# ژنی ئەستێرەی فەریك

**ژیلا**

ژنی ئەم ئەستێرەیە وزەو هێزێکی کاراو مەزنی تێدایە، لەلای خەڵك ناسراوو بەڕێزە، واقیع بین وچالاك وکەسێکی کۆمەڵایەتییە، حەزی لەکاری ناوماڵ نییە، وریایی وزیرەکی جیاکاری دەکاتەوە لە ژنانی تر، بەپلەی یەکەم حەزی لەخزمەتکردنی خەڵکەو بەشێوەیەکی گونجاو مامەڵە لەگەڵیاندا دەکات، بایەخ بەخۆشپۆشی دەدات وحەزی لە سەربەخۆیی خۆیەتی وسەلیقەیەکی کلاسیکیانەی هەیە لە هەڵبژاردنی شتەکاندا، ژنێکی ئازادەو قەت عەفەوییانە مامەڵە ناکات وخۆیشی لەمەسەلەکان هەڵناقورتێنێ، ژنی ئەم ئەستێرەیە تووڕەیە وهۆکاری توڕەبوونی دەگەڕێتەوە بۆ گەڕانی بەدوایی کامڵبوونی ڕەهادا، ژنی ئەستێرەی فەریك عاشق وخۆشەویست وداهێنەرە، هەموو شتێك دەکات لەپێناو ڕازیکردنی خۆشەویستەکەی لەگەڵ ئەمەشدا بەئاسانی خۆشەویستی خۆی ڕاناگەیەنێ وکەشێکی لەخۆبایی نییە، حەز لەو کەسانە ناکات کە دونیا بە خەون بەسەر دەبەن .

# دڵشاد حسێن:
# هیوادارم بتوانم بەو گوڕەی جاران و زیاتر دەست بکەمەوە بەکارکردن



**★ پێش ئەوەی ئێوە بچنە ناو دونیای شانۆوە پێ ناچێ لە دەربەندیخان کەسی تر هەبو بێت گرنگی بەو شێوە هونەریەدابێت، چۆن بوو ئێوە لە شانۆدا خۆتان بینیەوە؟**

- پێش ئەوەی بچمە نێو دونیای ئەم هونەرە، لە دەربەندیخان گروپێکی لاوان هەبوو، بەڵام بەرهەمیان پێشکەش نەکرد، نزیکیم لەو گروپەوە منی بەو هونەرە ناساند ، پاشان لەروی سیاسیشەوە، بۆ ئەو سەردەمە هونەری شانۆ کەرەسەیەکی کاریگەر بوو، بۆیە بڕیارم دا بچمە پەیمانگای هونەرە جوانەکان.

**★ پەیمانگای هونەرەجوانەکان وخودی سلێمانی چییان بە دڵشاد حسێن بەخشی؟**

- پەیمانگا بۆ من جیهانێکی نوێ بوو بەڵام لەوێ فێری بینینی جوانی بووم، جگە لەوەی کە لەبواری شانۆدا ئەم خوێند، هەر لەوێ کۆمەڵێ مرۆڤی گەورەشم ناسی کە بۆهەمویان لە ژیانمدا کۆمەڵێ وانەو ئەزمونیان فێر کردم، ٥ ساڵ لە سلێمانی، بریتی بوو لە مەودایەك بۆ خۆ بنیاتنان، هەر لەوێش فێری عەشقی هونەر بووم، لەو کاتەوە توانیم بەو عەشقەوە ئەم هونەرە مەزنە لەم ناوچەیە سەرسەختانە مومارەسە بکەم .

*** ساڵانی ناوەڕاستی هەشتاکان وتاکو ناوەڕاستی نەوەدەکان شانۆ لە گەرمیان لە گورو تینێکی تایبەتدا بوو، ئێستا نەك هەر لە گەرمیان بگرە لە هەموو کوردستان ئەم هونەرە لە لێواری مەرگدایە، بە ڕای ئێوە گوناهەکەی لە ئەستۆی کێدایە هونەرمەندانی شانۆ ، بینەران یان هەلو مەرجی ژیان ؟؟**

- ئەتوانم بڵێم هونەرمەندانی شانۆ و هەلو مەرجی ژیان، ئەگەرچی لە هەشتاکان شانۆ توانی بووی گۆڕەپانی ڕۆشنبیری و هونەری داگیربکات ، بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە ، ئەتوانم بڵێم پاش وەستانێکی کورت بەگوڕوتینی جارانەوە هاتە مەیدان ، بەڵام بۆ ئێستا ڕەوشی شانۆ بەو ئاقارەیە کەباسی ئەکەیت؟ ئەکرێت هەموو لایەکمان بە تایبەت هونەرمەندان هۆکارەکەی بدۆزینەوە چونکە زۆرینەی گوناهەکەی لە ئەستۆماندایە، بگەینە قەناعەتێك کە شانۆ پرۆژەیەکی مەزنە و عەشقی دەوێ، جارێکی تر عەشق بدەینەوە بەکارکردن.

*** کاتێك لە هەندەران بویت هەندێك کاری شانۆیت ئەنجامدا، دەکرێت لە بارەوە بۆمان بدوێت؟**

من لەوێ توانیومە تەنها دوو کاری شانۆیی بکەم، لەوێ هۆکاری زۆر هەیە کە من وەکو بیانیەك نەتوانم وەکو ئێرە کاری شانۆیی بکەم، لەو هۆکارانە گەیشتم و هەوڵمدا لەبواری سینەما بخوێنم و کۆرسێکی یەك ساڵیم لەبوارە گشتیەکانی سینەما خوێند و توانیم تا لەوێ بووم فیلمێکی کورت و فیلمێکی دۆکۆمێنتار دروست بکەم ، وەکو ئەکتەریش بەشداریم لە فیلمێکی سویسری کردووە .

**★ وەك ئاگادارین بە یەکجاری گەراویتەوە بۆ کوردستان، پێت وایە بەو گوڕەی جاران دەس دەکەیتەوە بە کاری شانۆیی ؟بەرنامەتان بۆ پاش هاتنەوەتان چییە؟**

هیوادارم بتوانم بەو گوڕەی جاران و زیاتر دەست بکەمەوە بەکارکردن ، خەونم زۆرە ، بەڵام تا ئێستا بۆم ڕوون نییە کە ئاخۆ ئەتوانم چەندێ لە خەونەکانم بکەمە واقع ، پرۆژەی کاری شانۆیم هەیە ، پرۆژەی فیلمم هەیە ، پرۆژەی کاری تەلەفزیونیم هەیە ، داهاتوو و کارکردن دیاری ئەکات لە کام پرۆژەوە دەست پێ ئەکەم ، گرنگ ئەوەیە بڕوامان هەبێت کە ئەبێت ئیش بکەین .

# سەبارەت بە خۆپیشاندەکەی ٩/٧ لەکەلار



**باوکی هۆزان**

من بەمافی خەڵکی کەلارو هەموو کەسێکی دانیشتووانی کوردستانی دەزانم لەپێناو بچوکترین داخوازی تاکە کەسی وجەماوەریدا داکۆکی وتێکۆشان بکرێت بۆدەستەبەرکردنی هەموو داخوازی ومافێك. بەرێگەی خۆپیشاندانی هێمنانەو نووسینی یادداشت ولێکگەیشتن وگفتوگۆ، هەروەها بەواجبی حیزب وحکومەتی دەزانم کە :

١ – بە وردی ئاگایی لەرادەی دڵسۆزی و جێبەجێکردنی ئیشوئەرکی هەموو لێپرسراوە ئیدارییەکانی سنووری دەسەڵاتی هەبێت، ئەگەر لە ئاستی پێویستدا نەبوو بەزووترین کات چارەسەری ئەم کەموکوڕیانە بکات و نەهێڵێت ببێتە هۆی نارەزایی زۆری جەماوەر بێگومان ئەم لێ نەپرسینەوەو ئیهمالکردنە هۆی سەرەکی ئەو خۆپیشاندانەی جەماوەری کەلار بوو لە ٩/٧ی ٢٠٠٥ دا کە حکومەت وحیزب دەبوو لەکاتی خۆیدا چارەسەری سستی وکەموکوڕییەکانیان بکردایەو نەیان هێشتایە ئەوە روویدا کە روویدا .

٢ – ئاگابوون لە خۆپیشاندانەکان وپاراستنی رەوتی خۆپیشاندەران وبەهێمنی بەرێکردنیان وگوێگرتن لە داخوازیەکانیان واجبێکی تری حکومەت وحیزب بوو لەو رۆژەدا.. کەچی بەداخەوە ئەوانەش وەك پێویست نەکران، بۆیە دەستی تێکدەران وگێرەشێوێنەکان زاڵ بوو بەسەر رەوتی هێمنانەی خۆپیشاندەرانداو زیانی زۆر بەر فەرمانگەکان وهاولاتیانی کەوت دیسان حکومەت وحیزب بەرپرسیاربوون لە ئەنجامەکانی ئەو رووداوانەو بەهۆی کەموکورییەکانی لێپرسراوەکانی خۆمان ودەستی تێکدەرانەی هەندێ کەسەوە .. جێگای داخە لەرووی جەماوەرە پاك ودڵسۆزەکەی خۆماندا ئاگری گوللە بەکار هات کە دەبوو هەرگیز بیر لە رەفتاری وەها نەکرێتەوە .. چونکە ئەوە کەلتووری بەعسەو تا ئێستا کاریگەری بەسەر کەسانی کۆمەڵگەی خۆمانەوە نەماوە بۆیە وا رەفتار لەگەڵ خەڵکی بێ چەك دەکرێت، بەڵام وەنەبێت قسەم لەسەر هەڵسوڕێنەرانی خۆپیشاندانەکە وهەرزەیی وکەم تەجروبەییان نەبێت، براینە پێش هەموو شتێك دەبوو ئێوە مادام مەبەستان بەمەدەنی کردنی گەرمیان و خەڵکەکەیەتی وخۆتان بە پێشڕەوی ئەو رەوتە دەزانن بێ لایەن بونایە لەهەموو بۆچوون ودەست تێوەردانێکی سیاسی وحیزبی دژ بە دەسەڵات و خۆتان یاداشتەکانتان وهەزاران ئیمزا رووبورووی دەسەڵات بوەستایانەوە یان مانتان بگرتاپەو بەردەوام قایمقامییەتتان چۆڵ نەکردایە هەتا داخوازییەکانتان وەڵامی راستەقینە دەدرایەوە .. ئەوە چاکتر نەبوو لەوەی کوڕی خەڵکی هەژار گوللە بەروویدا بدات وبکوژرێت یان بریندار بێت ؟ ئایا ئەوە باشتر نەبوو لەوەی دزین وسوتاندنی فەرمانگە خزمەتگوزارییەکان لەسەر خۆتان بکەن بەماڵ ونەیارەکانی کوردو دەسەڵاتی کوردی پیلان ومەرامەکانیان سەر بگرێت وداخوازییە رەواکانی جەماوەریش ببێتە بلقی سەر ئاو وئامانجی بەمەدەنی کردنیش ببێتە خەون وگاڵتەجاڕی دەستی نەیارانی ژیانی پڕ لە ئازادی وخۆشگوزەرانی ومافی مرۆڤ ، من لەسەدا سەد لەگەڵتانم بۆ بێدەنگ نەبوون لە ئاست هەموو داواکارییەکان وجێبەجێ کردنیان لەلایەن دەسەڵاتەوە .. بەڵام بەو شێوەیەی ئێوە، بە بێ بەرنامەو دوور لە گۆڕان ومەدەنییەت نا . ئەوەی ئێوە چووە خانەی جێبەجێ کردنی مەرام وتەوجیهو پلانی دوژمنانی ئازادی وبازرگانی شەڕو ئاشوبەوە، چونکە ئەوانە تەنها لەباروودۆخی وادا توانیویانە خۆیان بژێنن لەسەر حیسابی خەڵکی رەش وروتیوەك ئێمەمانان .

# پرۆژەی داوودەرمانی کوردەواری فیلمی (بنێشتەتاڵ) بەرهەم دێنێت

ڕەمزی تەندروستی و مانەوەی گەلان بۆ دەیان ساڵ پێش لە شارستانیەتی ئەمڕۆمان لە داو دەرمانی سروشتی و تاقیکردنەوە و زیرەکی مرۆڤ دا دەبیننەوە. گەلی کوردیش ئەو زیرەکی تاقیکاریەی هەبوە کە لەمێژووی چەند هەزار ساڵەی دا توانیویەتی خۆی لە سەدان جۆر دەرد و نەخۆشی بە کۆکوژ ڕزگار بکات و وەکو نەتەوەیەك ساخ و ئازا بمێنێتەوە. ئینستیوتی کەلەپوری کورد بۆ تۆمارکردنی ئەو داو و دەرمانانە پرۆژەو پلانی داناوە لەسەرانسەر کوردستاندا لێکۆلینەوەو پرسیار و بەدواداچوونی دەست پێکردوە. یەکێ لەو داو دەرمانانە کەوا لە پزیشکی ئەمڕۆشدا شوێن و جێگای تایبەتی پێ دراوە بنێشتەتاڵەیەو سایتی (www.kurdish-heritage-institute.org) کە تایبەتە بەم کەلەپوری کوردیەوە لەم بارەوە بڵاوی کردوەتەوە کەوا ئەوان ئەو دەرمانە کوردیەیان وەکو فیلمێکی بەڵگەیی لە ناوچەی ڕانیە ئامادەکردوە کە بەم زووانە پاش مۆنتاژکردن بڵاو دەبێتەوە، وتەو زانیاریەکان وەکو ژێرنووس بە ئینگلیزی لەسەر فیلمەکە دەنووسرێت تاکو خەڵکی تریش بتوانن لەم فیلمە کەڵك وەر بگرن •



# سەگەکانیش ئایس کرێمی خۆیان هەیە

کۆمپانیایەکی دروستکردن و بەرهەمهێنانی ئایس کرێم لە کالیفۆرنیا جۆرێکی نوێی ئایس کرێمی دروستکردووە کە تایبەتە بە سەگەکان و تام و بۆنی فستقی تێکراوە بۆ ئەوەی سەرنجی سەگەکان رابکێشێت لەبەر بۆنەکەی ، ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلۆسیش لە زاری بەرپرسانی کۆمپانیاکە بلاویکردەوە کە ئەم جۆرە ئایس کرێمە بازارێکی باشی پەیداکردووە و خاوەن سەگەکانیش دەتوانن بیخۆن ، چونکە شیر و کرێمی تێیدا نییە و بە ئاسانی هەرس دەکرێت .



# گەرمیانییەکان،

## لە چاوەڕوانی ساڵی نوێ خوێندندا ، دەپرسن : بەڵێنەکانتان کوا ؟؟

# پیشانگای شێوەکاری منالانی خانەی شێروانە



بە بۆنەی هاتنی ساڵی نوێی خوێندنەوە لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/١٨ و بە ئامادەبوونی بەڕێزان عبداللە محەمەد قائمقامی قەزای کەلار بە وەکالەت و نەوشیروان ئەحمەد بەڕێوەبەری معاونیەتی ئاسایشی کەلار و ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەری دەزگا حکومی و ڕێکخراوە جەماوەری و پێشەییەکانی کەلار و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئەم دەڤەرە ، لە ژێر ناونیشانی (سەمای ڕەنگەکەکان ) دا پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ زیاتر لە بیست منداڵی ژیکەڵە و بەهرەمەندی ئەو خانەیە کرایەوە ،ناوەڕۆك و خامەی سەرجەم تابلۆکان گوزارشتیان لە دونیای جوان و بێگەردی منالان دەکردەوە و لە کۆتایشدا خەڵات بەسەر سەرجەم منالانی ئەو خانەیە دابەشکرا.

ئایندەی گەرمیان
خاوەنی ئیمتیاز
مەڵبەندی یازدەی ڕێکخستنی گەرمیان
سەرنوسەر
مەجید ساڵح
بەڕێوەبەری نوسین
ئاسۆ وەهاب
ستافی نوسین
ساڵح هەلاج
ئاراز فایەق
بێگەرد دڵشاد
ئەرکان محەمەد
e.mail:ayandai_g@yahoo.com